# لەنێوان بەسمبوڵکردنی ئەوین و،سنوورەتابۆکاندا

## بۆ ئەو مرۆڤەی یەکەمین وانەی ئەوینی فێرکردم!!

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

### پێشدەستی...



ڕەنگە من و،تۆ وەك یەك بیرنەکەینەوە،هەریەکەو بەئاڕاستەیەکدا بڕوانینە شتەکان ،وەلێئەمە بەمانای ئەوەنییە کەمن گوێ لەتۆ نەگرم و سەدلەسەد ڕەدتبکەمەوە، یان تۆ گوێم بۆنەگریو،ڕەدمبکەیتەوە. چونکە سروشتی مرۆڤەکان بەوشێوەیەهەڵکەوتووەو،(ڤاڵتربنیامین) وتەنی :( کاتێك ئێمە هەموومان وەك یەك بیردەکەینەوە،مانای وایە هیچ یەك لەئێمەبیرناکەینەوە.)کەواتەبابۆچەند ساتێك هەوڵبدەین لەیەکتری تێبگەین و،گوێبۆیەکتری ڕادێرین. تێڕوانین و،وردبوونەوەلەلاوان،و دووانلەوبارەیەوە، پێویستی بەوردکردنەوەو،ڕۆچونێکی قوڵی بابەتیانەهەیە،نەك هەوڵدان بۆ بەرتەسککردنەوە و کورتکردنەوەی بۆپنتێك کەنەتوانرێ بەشێکی کەمی ڕەهەندەکانی کێشەیلاو بگرێتەخۆی و،ڕێگە چارەیەك بێت بۆگرفتەکان،

لەڕوانگەی باوەڕبوونم بەوەی کەئێمەی کورد ئولفە تمانگرتووە بەوەی باسی کێشەیەکی پەیوەندی داردەکەین بەلایەنێکەوە بێئەوەی پرسێك بەلایەنی پەیوەندیدار بکەین هەتابزانین تاچەند بۆچونەکانی ئێمەی پێقبوڵە ،یانتاچەند ڕەتیدەکاتەوە.

دەمەوێت لەبارەی ئەوینەوە شتێك بنووسم ،وەلێ نامەوێت لەجەمسەرێکەوە بڕوا نمەئەوین و،جەمسەرەکانی دیکەفەرامۆش بکەم، ئەو جەمسەرەش هەڵبژێرم کەلەگەڵبیرو بۆچون و،ئایدیاکەمدا یەکدەگرێتەوە، وئیدی هیچ حسابێك بۆ ئایدیا و،بۆچونەجیاوازەکانی دیکەنەکەم.ئەگەرچی ناشمەوێت لەڕوانگەی دینەوەوە بڕوا نمە ئەوین،وهیچ قسەیەك لەوڕوانگەیەوە بکەم.چونکە ئەوەکاریمن نییە ئەوەندەی کاری فەقیهەکانی دینە.

### لاو..وئەوین

کاتێك باس لەئەوین دەکەین دەبێت باس لەلاو بکەین .چونکەبەگشتی لاوەکان گرفتاری ئەوین دەبن،ئەگەرچی ئەمەبەمانای ئەوەنییە کەجگەلەلاو،ئەوا: مرۆڤەبەتەمەنەکان ئەوین ناناسن،ئەم بۆچونەشم لەقسەیەکی ماکسیم گۆرکی یەوە

سەرچاوەدەگرێت،کەلای وایە :( تەمن هی لاوەکانە.چونکەمناڵ لێیتێناگات و، پیریش پەیوەندی پێوەی نییە ) ئەگەرچی ناشێت ئەمبۆچونەبەرەهای وەرگرین.چونکە ( ئەریك ئەریکسۆن ) بە پێچەوانەوە تەمەنی 20-30ساڵی بەلێهاتوترین قۆناغیتاك دەبینێ بۆپێکهێنتنی دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا،وەلێئەم بۆچونەبۆئێستای کۆمەڵگەی کوردی ناگونجێت .چونکە هەنوکە لەتەمەنی 12ساڵیو کەتریشەوە کوڕان وکچان ئەوین دەناسن و،ئەویندارى دەکەن.ئەگەرچی لەگەڵ تەمەنیاندا نەگونجاوە ،بەلاّم ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردی بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات بمانەوێت،یان نا.

پێموانییە مرۆڤ بەهەردووڕەگەزەکەیەوە بەشێکبن لەبوون،بەڵکو خودی بونن ئەمەش وادەکات بڵێین ئەوین مرۆڤەو ،مرۆڤیش ئەوین،کەواتەناگونجێ مرۆڤ و ئەوین لەیەکجیابکەینەوە، کەیمرۆڤایەتی لەنێوچو ئەوینیش لەنێودەچێت،وەلێ لێرەدا دەبێت لەسەر ئەوەبوەستین کەئایا ئەوین بۆخۆی چییە،خودی ڕۆحەیان بارێکیتایبەتە کەبەسەرڕۆحدا دێت ،دەشێت کاتیبێت یان هەمیشەی، لەڕاستیدا بۆچونەکان لەم بارەیەوە فرەن ،وەلێمنپێموایە کەبارێکیتایبەتەلەڕۆح نەك خودی ڕۆح بێت.چونکە ئەگەر ڕۆح بێت،ئەوا : بەکۆتای ئەوین دەبێت خودی ڕۆحیش بسڕێتەوە،کەئەمەش مەحاڵە.سەرەڕای بۆچونی خودی ناکرێت لێکدانەوەکانی دیکەش فەرامۆش بکەین،بەتایبەتی بۆچونی سۆفییەگەورەکان و،عاریفان،بەنمونە مەولەوی تاوەگۆزی وەردەگرین،کاتێك بەئەوین دەڵێت:- ( زیندووم کەرەوە ) بەرەو ئەوەمان دەبات کەئەوین خودی ڕۆح بێت نەك بارێك لەڕۆح.

بەهەرحاڵ لەم بارەیەوە دژەبۆچون زۆرەو،ناتوانین بەبنبەست بگەین،وەلێ ئەمەکێشەیەك نییە .چونکە ئەوین و،مرۆڤ ئاوێتەی




یەکترن.

( عیزالد ین نسفی ) لەکتێبی( مرۆڤی کامل ) دا دەڵێت: - ( ئەوین ئاورێکە بەردەبێتە ئەویندار شوێنەکەیشی دڵە،ئەوئاگرە لەڕێگەی چاوەوە دەکەوێتەنێو دڵ و،لەدلاّ جێخۆشدەکات ،گڕی ئەمئاگرە هەموو جەستەدەگرێتەوە و،بەرەرە دڵی ئەویندار دەسوتێنێو، پاکی

دەکاتەوە)وەلێ ڕەنگە ئەم پێناسەیە زیاتر ئەوینی ڕونکردبێتەوە وە لە(تۆماس ئاڤ ئاکینۆ) کەلای وایە :- ( ئەویندارى ئەوەیە کە ئەوینداران یەکترى دڵخۆشبکەن ) بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ (تۆماس و عزیزالدین ) دا یەکناگرمەوە ،ئەوەندەی لەگەڵ (فرۆید) داهاوڕام کەدەڵێت:- (ئەوین ئارەزوویەکی ڕاستەقینەیە بەژیان و، پەروەردەکردنی ئەوکەسە یان ئەوشتەیە کەئەوینمان بۆی هەیە ) وەك چۆن بەرەهای نازانین ،کەئەوین خودی ڕۆحەیان بارێکیتایبەتەکەبەسەر ڕۆح دادێت، یان پێناسەیەکی تەواوجێگیرمان بۆئەوین نیە ئاواش ناتوانین بەرەهای ئەوین پۆلێن بکەین،بە نمونە (ئەریك فرۆم ) ئەوین دەکاتە سێبەشەوە کەئەمانەن (ئەوینی دایك وباب بۆمناڵ ،ئەوین بەخۆ ئەوین بەهەموو مرۆڤایەتی ) هەروەها فرۆم باوەڕی وایە کەئەوین بۆهەموو مرۆڤایەتی چوار خاسییەتی هەیە ئەوانیش:- ( سەرنجدان ،هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ، ڕێزگرتن وناسین ) ئەمە پۆلێنی فرۆم بوو،وەلێ هەندێکی دیکەبەم جۆرە پۆلێنی دەکەن:- (ئەوینی عیرفانی ،و ئەوینی دونیای ) پاشان لێکدانەوە بۆئەم دووبەشەدەکەن و، پۆلێنیان دەکەنەوە،لەگەڵئەوینی عیرفانیدا کێشەیەکمان نیە.چونکە ئەم ئەوینەیەك بەشە ئەویش هەوڵدانە بۆگەیشتن بەخوداو،بەدەرە لەئەوینی مرۆڤ بۆمرۆڤ،ئەگەر ئەوینی مرۆڤیشی تێکەڵبێت،ئەوا: ئەوینێکی ڕۆح (گیان) ی دەبێت،نەك جەستەی و،خەیاڵات،وەلێ کێشەمان لەگەڵ ئەوینی دونیایداهەیە، کە پۆلێن دەکرێت بۆئەوینی (ڕوکەش ،ڕاستەقینەو،ئەفلاتونی) وەئاشکرایە کەئەوینی ڕوکەش نزمترین پلەی ئەوینەو،ئەفلاتونیش ئەوانەن کەدەستیان بەدڵبەرەکانیان ڕاناگات،ودووراو دوور ئەوین دەناسن،واتەعیشقەکەیان یەکلاینەیە،هەرچی ئەوینی ڕاستەقینەشە دەچێتەوە سەرئەوینی عیرفانی ،بابەهەڵەدا نەچین مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کە ،ئەویندار کاتێك ئەوینی بەرامبەر کەسێك،یان شتێك بۆدروست دەبێت هەموو هەوڵو ماندوو بونێکی خۆی دەخاتەکار تابەئەویندارەکەی بگات تەنانەت فیداکاریش دەکات و لەرێی گیان بەختکردنەکەیەوە بۆ ئەوینەکەی هەست بەبەرپرسیارێتی و، ئەویندارەکەی دەکات.

## ئەوین و...هاوڕێیەتی

نیگایەك ناتوانێ هاوڕێیەتی دروست بکات بە پێچەوانەی ئەوینداریەوە،کە چاو داگرتنێك ،یان زەردەخەنەو،بەعیشوە ڕوانینێك ،یان هەر هەرئیشارەتێکی تر ئیلهامەکەیەتی و،لەوێوەدەستپێدەکات،یان ڕستترە بڵێین:- ئەوین لەیەکەم ئیشارەتەوەکامڵە و،بەگەورەی دێتەبوون،بە پێچەوانەی هاوڕێیەتی‌یەوە کەوردەوردە گەشەدەکات و،متمانە لەنێوانیاندا دروستدەبێت،لەهاوڕێیەتیدا ژێری لەدەست ناچێت،وەلێ لەئەویندارێدا مرۆڤەکان بەعەقڵ بیرناکەنەوەو،دەکەونە ژێرکاریگەری سۆزەوە،وایان لێدێت ناچاردەبن چاو پۆشی لەهەڵەو،کەموکورتی‌یەکانبکەن.چونکە خۆیان داوەتەدەست دڵ !!

(ڕێسماڵ) دەڵێت:- ( هاوڕێیەتی ئەوەیە کەمرۆڤ قەناعەتی ئەوەی لادروستتت ببێت ،کەمرۆڤێکیتری باش هەڵبژێرێت ،وەهەست بەوەبکات هەستەکاندوولایەنن ) ئەم بۆچونەی (جی.ئیم.ڕێسماڵ) لە کاتێکدا دروستە ئەگەرهاوڕێیەتی لەنێوانی دوورەگەزی پێچەوانەدا نەبێت،واتە: لەنێوان هاورەگەزەکاندابێت ،کچ وکچ ،یان کورو کور، دەنا دەبێتە پێناسەی ئەوینداری‌بەشێوەیەکی گشتی،لێرەدا وتەیەکی(مۆر)م وەبیرهاتەوە،کەلای وایە:( هاوڕێیەتی لەگەڵ ئافرەتدا دراوسێی ئەوینداریە ) لەگەڵ ئەم بۆچونەدا یەکناگرمەوە.چونکەهاوڕێیەتی و،ئەوینداری دووشتی لێکجودان.ئەگەرچی(جبران خلیل جبران) دەڵێت :- (سەیرکردنێکی ئافرەت بەتیلی چاو بەسەبۆئەوەی پیاوبیکاتە شادومانترین،یان بەدبەختترین مرۆڤ).

## ئەوین و...هاوسەرێتی

(مەولانا) دەفەرموێت: (هەرچەندە دەمەوێت ئەوین لێکبدەمەوەو ،وەسفی بکەم،کەخۆم دەکەومە ئەوینەوە شەرمەزار دەبملێی!!).

هەربۆیە ئیدی هیچ لەبارەی ئەوینەوەناڵێم!!بۆئەم بەشەی نوسینەکەش تی‌نها بۆچونی پسپۆران دەخەمە ڕوو ،باخوێنەر خۆی بڕیاربدات.

سەرەتا بۆچونێکی (تیودۆر لیدز)ی دەرووناس وەردەگرین کەدەڵێت:- (سەرکەوتنی زەواج لە پێکهاتەیەك لەسەقامگیری و،ڕەزامەندی لەهۆشیاری و،تێگەیشتنی ئاکارو،سازگاری سۆزداری و،گەشەسەندنیدایە ).وەلێ ئەم قسەی (ڕینی‌یەئەلەند)ی دەروونناسزیاتر

پەیوەندی ئەوینمان بۆڕوندەکاتەوەلەگەڵ هاوسەرگیریدا ودەڵێت:- ( ئەگەر ئەوین بوونی هەبێت،ئەوا:ژنو مێردایەتی بوونی نیە بەڵکوگیانێکن لەدووجەستەداو،لەبارەی ڕۆحەوە جیانابنەوەو،خێزان دروست دەکەن)ئەمەسەرەڕای ئەوبۆچونەزۆرانەی کەدەڵێن:- ئەوین دوای پرۆسەی بەهاوسەربوون ەدروستدەبێت.هەندێکیشی بۆچونیان پێەوانەیەو،لایان وایە کەهەربەهاوسەربوونێك دەبێت لەئەوینەوەدەست پێبکات.ئەگەرچی دژەبۆچوون لەم بارەیەوەزۆرە،بەلاَم من پێموایە ئەویندارى بەرلە پرۆسەی بەهاوسەربوونەو،هۆکارێکە بۆلەیەکگەیشتنی ڕەگەزە دژەکان،و پاشان درێژەی پێبدرێت بۆهاوسەرێتی.

## کۆتایی



هەرچەندە لەسەرەتاداوتم کەلەبواری دینیەوەناڕوانمە ئەوین و،لەوبارەیەوەهیچ قسەیەك ناکەم،وەلێ لەم کۆتاییەدا دەمەوێت ئاماژە بەڕاستیەك بدەم کەکەمێك دەمانباتەوە سەرمەسەلە دینیەکە،وەلێ خۆم دەبوێرم لێی،ئەویش گۆڕانی ئەوینی ڕاستەقینەو بێگەردە،بۆشێوەیەك لەشێوەکانی ئەوینی ئەوروپی کەدەشێتی بەئەوینی هاوڕێیەتی ناوی بەرین، ،کە پەیوەندی سێکسی لەنێوان هەردوو هاوڕێیەکە ڕەگەزی دژدا دروستدەبێت و،درێژەدەکێشێ.ئەگەرچی ئەوینی پاك وبێگەردی پڕلە ڕۆمانسیەت هەرماوەو،لەنێونەچووە،بەهەرحاڵ ،هەرچۆنێك بێت ئەمدیاردەیە مایەی نیگەرنیەو، هەنگاوی سەرەتایە بۆ داکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی.ئەگەرچی ئەوەندەی دین و،کەلتوری کوردیتاوانبار دەکەملەم دیاردەیە نیوئەوەندە کوڕان وکچانی گەنج بەتاوانبار نابینم.چونکە کێشەی ئابووری ،سیاسی... تاد پرۆسەی هاوسەرگیری ئیفلیج کردووە و،گەنجی کورد هیچ ڕێگەچارەیەکی نیە پەنای بۆبات جگە لەئەوینی هاوڕێیەتی لەسەر شێوازی ئەوروپی. چونکە دین وکەلتوری کوردی هیچ ڕێگەچارەیەکی پێنیە و،ئەوئامۆژگارییانەش هەیانە گەنجی کۆمەڵگە گوێیان لێناگرێت و،لەبواری نەزەریدا دەمێنێتەوەو،ناچێتەبواری پراکتیکەوە.

ناموەێت درێژەبەقسەکانم بدەم ،وەلێ ئەگەر هەلم بۆبڕخسێ ،ئەوا: لەبوارە دینیەکەشەوە لەئەوین دەدوێم و،بۆئەم مەبەستەش هەوڵدەدەم چەند زانای ئاینی و،کەسانی کۆمەڵناس و،شارزابدوێنم.

سەرچاوە:

بەشێوەیەکی گشتی سود وەرگیراوەلە بابەتی ( فیسۆلۆژیای ئەوین ) ی( ئەحمەد شاه)ی پزیشکی ڕەواناس.

E-MAIL: hemn_barznji@yahoo.com
Mobile: 0770 151 55 82
www.shada.8m.net